# دەك خەجاڵەت بن ....نامەیەك بۆ نەژاد عزیز سورمیێ

ئازاد كەریم
azadkereem@maktoob.com

تێنەگەیشتم غەفڵەت بوون لەو هەموو وتارو نووسینانەی بۆ بەرپرسان بەرز كرانەوە، یان كاردانەوەتان بوو بۆ ئەو تێكۆشەرانەی كە دژی كورە ئەنفالچیەك نووسیان، كەچی ئێوە دێن پاساویان بۆ دەهێننەوە، من دەمزانی پێشمەرگایەتیت نەكردووە ، وەلێ ئاوا تێگەیشتبووم خەڵكی كۆنە جاش و كۆنە بەعسیت خۆش ناوێ . مخابن جەنابت هاتووی لە رۆژنامەی خەباتا پرۆپاگەندەشیان بۆ دەكەیت . بێ ئاگا!! كوێ بێ نەیزانێت نەبەز حامید چ تاوانبارێكە و زەمانەی بێ وەفا كردوویە بە مودیر ناحیەی دارەتوو

قسە ئەوەیە ئەگەر بەسەرتدا تێپەڕیووە، ئەوە مانای وایە دارو دەستەكەت زۆر بە سانایی فێڵت لێدەكەن ، ئەمەش بۆ تۆو خەڵكیش جێی پرسیارە ، ئەگەر ئەشتزانی و خۆت لە گێلی دا ئەوە هەر كارەساتتر.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com